# ئەرێ وەزیری پێشمەرگە لە کوێیە.؟ ئێران هەر دەکوتێ.!

## موحسین جوامێر

ئێران لە لێدان و بۆردومانکردنی سنووری کوردستان بەردەوامە، بە ئارەزووی خۆی و بێ ئەوەی کاردانەوەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا بێ، نە لە لایەن کاکە یاخود مامە.. ئەو میللەتەی ئەوێ زراوبردوو دەکا؛ منداڵ زیڕە دەکەن و مەزن ماڵان بار دەکەن و ڕادەکەن.. سەرانی کورد بێدەنگن، بەغدا هیچ و ئەمریکاییەکانیش لە ناو قوڕاوی عیڕاقدا خەریکی جەنگن.. ئەم متەق لەدەمدەرنەچوونە تیشکێکی سوورە، نیشانەی قەیرانێکە بۆ کورد و سەرکەوتنێکە بۆ نەیارانی، دەنا بۆ هەستێک، هەڕەشەیەک و چاوسوورکردنەوەیەک لە سەرۆکیکی کوردەوە؛ دەرنەچوو.

تورکیا بەو هەموو هێزەی لە سنووردا کۆی کردوونەتەوە، بەقەدەر ئێستەی ئێرانی نەکرد، کەچی هەموو لایەنی کورد، عیڕاق و ئەمریکا، لێی قیت بوونەوە و گوتیان بڤەیە و نەکەی.. وەلێ تا ئێستە لە ئاستی سەرکردایەتییەوە گلەییش لە ئێران نەکراوە، نە لە هەولێر و نە لە بەغداوە. پیاو ترسێ دەکا ئەمەیان دەستپێکی  پیلانێکی بەرنامەبۆدانراو بێت، بەبێ ویستی کورد یان بە ملکەچیی ئەم، بۆ ئەوەی سەردەمێکی نوێ لە دەستێوەردانی دەرەکی بۆ لەباربردنی خواستەکانی کورد یان  ـ هەر هیچ نەبێ ـ بێزەوەرکردنیان؛ بێتە ئاراوە.. یاریکەرەکان تورکیا، ئێران و لایەنەکانی عەرەب بن؛ ئەمریکاش حەکەم و کوردیش ـ بێگومان ـ دۆڕاوەکە بێت، لەو ناوە.

دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ شەرمەزارکردنی تۆپبارانی سنوورەکان، جگە لەوەی درەنگ بوو، زۆر ساردووسڕیش بوو، هەر دەتوت لەکۆڵخۆی دەکەنەوە.. تاقە ئەندامی پەرلەمان کە هەڵوێستێکی بەهێزی هەبوو مامۆستا محەمەد فەرەج بوو کە وتی ئەم کارە ئیهانە و دەستدرێژییە بۆ سەروەریی کوردستان..ئەوجا ئاخۆ ئەم مانۆرە سەربازییە وێرانکەرەی ئێران کە ئەمریکای لێ قڕوقەپ بووە و ئەمەش بێحیکمەت نییە، لەسەردەمی پەرەسەندنی گەندەڵیی کوردستان و بێزاری وهاواری زۆری کۆمەڵانی خەڵک بۆ فریاڕەسێک؛ بەتەنیا لێدانی سەروەرییە؛ یاخود سیناریۆشە.؟

ئێستەشی لەگەڵدا بێت، دەویسترێ ئەڤینی پێشمەرگە لە دڵی کورداندا، بڕوێ و لە دەروونی نەوەکاندا گەشە بسەنێ، چ ئەوانەی ئەمڕۆ یا ئەوانەی دوێنێ.. بەڵام ئاخۆ ئەو مەشخەڵی خۆشەویستییە چۆن دەمینێ و چەکەرە دەکا، لە کاتێکدا لەم قەیرانەدا ڕۆڵێک نەبینێ.. ئەسڵەن هەست بە بوونی ناکەیت، نە لەلای حاجی ئۆمەران و نە لە ئالی بیتوێنێ.؟ کوا پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە.؟ من لەو یارییەی هەمیشە کورد گۆڵی لێ دەکرێ، تێناگەم و سەرم سووڕدەمینێ.!

02/09/2007

mohsinjwamir@hotmail.com